وەزارەتی داد : نزیکەی هەشت هەزار زیندانی بە لەبوردنی گشتی ئازادکران



وەزارەتی دادی عێراق رایگەیاند، ئەو زیندانیانەی یاسای لەبوردنی گشتییان بە دەرچووە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی هەشت هەزار زیندانی لە سەرانسەری سەرجەم چاکسازیەکانی عێراقدا.

لە راگەیەندراوێکی وەزارەتی دادی عێراق کە ئەمە سەشەمە بڵاویکردووەتەوە، هاتووە "بگوترێ یاسای لەبوردنی گشتی و بەپێی رێکارە یاساییە دامەزراوەکان و دوای تەواوکردنی پشکنینی ئەمنی، حەوت هەزار و ٩٩٥ زیندانیی ئازادکراون".

ئەوەش هاتووە "ئەوانەی شایستەی لەبوردنەکەن لەسەرانسەری پارێزگا جیاوازەکانی عێراقدان و بەیارمەتی ئەو زیندانیانە لەخۆدەگرێت، کە مەرجەکانی یاساکەیان تێدایە بە هەردوو جۆری نێر و مێ".

لەکەتایی راگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتە روو، جێبەجێکردنی یاسای لەبوردنی گشتی لەچوارچێوەی پابەندبونیاندایە بە بڕیارەکانی دادپەروەری و گەیشتن بە دەرفەتەکانی یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی، لە هەمانکاتدا بەردەوام لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکە بە شەفافیەت و

ورد بينييو.